# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچیت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 2018-06-01 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

# تاراوگە TARAWGA


**05 Februari. 2019 No. [29]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807


**لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە**


تا چەند دەبێت وەک کوردێک سوپاسگوزاری ئەو گوتانە و ئەو خەمخۆری و دڵسۆزییەی سەناتۆری ئەمەریکی، جۆن کەندی-بین...؟! ل 1 بەختیار شەمەیی

بەتەمەنترین پیاوی جیهان زارۆ ئاغای کورد، سەدە و نیوێک زیاتر ژیا و ناوبانگی بە جیهاندا بڵاو بووەوە... بەکر شوانی

داستانی گیلگامێش، ئەو کە قوڵایی بینی، لە سویدییەوە: شاسوار هەرشەمی ...!عەبدولغەنی کاکۆ – ل 3

چەند ڕاستییەکی تاڵ سەبارەت بە کورد لە دیدی ڕۆژنامەڤانی فرە ناسراوی ئەڵمانەوە، ئولریش کینسلە.. عەبدوڵڵا چوارتایی– ل 4 و 5

هونەرمەندی شێوەکاری کورد سامان قادر....ل8




KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

05 Februari 2019 Tel&viber&WhatsApp: +31684950807

Emai: sardarfatah@live.nl ژمارە 29 05 فێبریوەری 2019

# تا چەند دەبێت وەک کوردێک سوپاسگوزاری ئەو گوتانە و ئەو خەمخۆری و دڵسۆزییەی سەناتۆری ئەمەریکی، بەڕێز جۆن کەندی-بین...؟

بەر لەهەر شتێک، خۆم وەک کوردێک زۆر سوپاسگوزاری ئەو گوتانە و ئەو خەمخۆری و دڵسۆزییەی سەناتۆری ئەمەریکی، بەڕێز جۆن کەندی–م.

**بەختیار شەمەیی**

هەندێک کورتە نووسین و کۆمێنتم لەسەر گوتارەکەی بەڕێز جۆن کەنەدی، سەناتۆرەکەی ئەمەریکا خوێندووەتەوە. ئاشکرایە کە تێگەیشتن و بوچوونەکان لەسەر ئەو گوتارەی ئەو بەڕێزە، جۆراوجۆر و لێکجیاوازن. ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە هەرچۆن بێت هەموو کەسێک دەبێت لە دەربڕینی بۆچوون و بیروباوەڕی تایبەتیی خۆیدا ئازاد بێت. ئەم کورتە نووسینەش هەر بەو شیوەیەیە، واتا وەڵامدانەوە نییە بۆ ئەو نووسین و کۆمێنتانەی، کە پێشتر لەسەر ئەو گوتارە بڵاوکراونەتەوە. بیروڕای تیایبەتیی خۆمە و مەرجیش نییە ڕاست بن یان بەدڵی هەمووان بن!. با لێرەدا تێگەیشتن و بیروڕای تایبەتیی خۆم لەسەر گوتارەکەی ئەو سەناتۆرە بەڕێزە بەیان بکەم: ئێمەی کورد دوای ڕووخانی ئیمپراتۆرێتیی ماد، وەک نەتەوە خۆمان نەگرتووەتەوە و لەوکاتەوە نەمانتوانییەوە یەکبگرینەوە بە هێزی مێشک و بازوی خۆمان نیشتمانەکەمان لە هێرش و دەستدرێژیی دوژمنان و داگیرکەران بپارێزین، لەو کاتەوە بووینەتە میللەتێکی ژێردەستە و چەوساوە و نیشتمان داگیرکراو و دابەشکراو، لەو کاتەوە لە شەڕ و بەربەرەکانێ و ململانێی خۆپارێزی و مانەوەداین، جگە لەخۆمان و سەختیی نیشتمانەکەمان، هیچ هێزێکی دۆست و پشتیوانمان بەدەوری خۆمانەوە نەبینیەوە و نەمان بووە. ئەم ڕاستییانە شتێکی نوێ نین و هەموومان دەیانزانین، لێرەدا بەم بۆنەیەوە بە گرنگ و پێویستمزانی دووبارەیان بکەمەوە. جا ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە: ئێمەی کورد پێش ئەو گوتارەی ئەو سەناتۆرە ئەمەریکییەش، هەر ژێردەستە و چەوساوە و خاک داگیرکراوبووین، بێ دۆست و بێ پشتوپەنا بووین، (جگە لە یەکجار دەوڵەتی مەنگۆلیا و هەندێک جاریش خوالێخۆشبوو معەمەر قەزافی)، ئیتر نە هیچ کەسایەتییەکی جیهانی و نە هیچ دەسەڵاتدارێک و نە هیچ هێز و دەوڵەتێک، بەئاشکرا لە ڕاگەیاندنەکاندا پشتیوانییان لە دۆزی ڕەوای ئێمەی کورد نەکردووە. جا ئێستا خۆشبەختانە، سەناتۆرێکی ئەمەریکی، بەو پلەوپایە گرنگ و دەسەڵاتدارەیەوە، بەو ئاشکرا و پێداگرییەیەوە پشتیوانیمان لێدەکات، لەناو سیناتی ئەمەریکادا، پشتیوانیی تایبەتیی تاکەکەسیی خۆی بۆ ئێمەی کورد دەربڕیووە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئەمریکاوە داوا دەکات، کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان پێویستە و دەبێت کورد لە بەرامبەر هێرش و



سەناتۆری ئەمەریکایی جۆن کەنەدی

شاڵاو و دەستدرێژیی دوژمنان و داگیرکەرانمان بپارێزێن، گوتی: کوردەکان هاوپەیمانمانن و ئەرکی ڕەوشتی ئێمەی ئەمەریکی ئەوەیە، کە هاوپەیمانەکانمان، لەناویاندا، کوردەکان بپارێزین، بەردەوام بین لە پاراستن و پشتیوانی لێکردنیان، نەهێڵین هێرش بکرێتەسەریان، نەهێڵین کۆمەڵکوژ بکرێن، نەهێڵین وڵاتەکەیان وێران بکرێت، بەکورتییەکەی بە ئاشکرا گوتی: ئێمەی ئەمەریکی دەبێت کوردەکان بپارێزین. ئێ باشە ئەو گوتارە کوێی خراپە!؟ ئێ ئیتر ئەو سەناتۆرە بەڕێز و دڵسۆزە، وەک تاکەکەس چی تر بڵێت و چیتر بتوانێت بکات!؟ زۆر بەداخەوە، ئێمەی کورد پێش شەڕی ئێران و عێراق و پێش شەڕی کەنداو و پێش سەرهەڵدانی شەڕی داعش، زۆر بە دەگمەن یان زۆر بە کەمی لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنە جیهانییەکان، باس کراوین و پشتیوانیمان لێکراوە. ئەنفالکراین، کیمیایی باران کراین، کۆمەڵکوژی کراین، هیچ دەوڵەت و گەورەهێزێکی جیهانی بەرامبەر بەو تاوان و ستەملێکراوییەمان نەهاتنە دەنگ، تا خواوڕاستان و بەهۆی بەخت و ڕێکەوتەوە ئەمەریکییەکان و ئەروپییەکان دەوڵەتی بەعسییەکانی عێراقیان ڕووخاند و ئێمەی کوردیش هاتینە ناوناوانە و بووین بە بەشێک لە ململانێ و هاوکێشەکانی ناوچەکە.

بەڵێ ئەوە ڕاستییەکەیە، کە ئەمەریکاش وەک هەموو دەوڵەت و وڵاتێکیتر، بەرژەوەندییەکانی خۆی لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکی ترەوە داناوە و هەر واشیان کردووە، هەر واش دەکەن. ئەوە ڕاستییەکە هیچ نکوڵیی لێناکرێت، هەموو دەوڵەت و وڵاتانی تری جیهان هەر وایان کردووە و هەر واش دەکەن. جا ئێمەی کورد بۆچی دەبێت نەتوانین یان نەمانەوێت لەو ڕاستییانە تێبگەین!؟ ئێمەی کورد پێویستە و دەبێت لەنێوان بەرژەوەندیی باڵای خۆمان و بەرژەوندیی باڵای هاوپەیمانەکانماندا، بەتایبەتی ئەمەریکا و ئەوروپا، ببینە ژمارەیەک و هاوکێشەیەکی کاریگەر و ڕێزلێگیراو تێخوێندراوە. پێویستە و دەبێت بزانین و بتوانی ئەو هاوسەنگییە ئابوری و سیاسی و دیبلۆماسی و هاوپەیمانییە بپارێزین و پەرەی پێبدەین. ئەمە باشترین و گرنگترین ئەرک و بەرپرسیارێتیی ئێمەی کوردە، چ سەبارەت بە خۆمان و چ بەرامبەر بەو کەسایەتی و دەوڵەت و هێزە هاوپەیمانانەمان، بەتایبەتی ئەمەریکا و ئەوروپا، ئێمەی کورد، ئەگەر بمانەوێت لەنێوان هەموو ئەو دەوڵەت و هێزە دوژمن و داگیرکەرانەماندا پارێزراو بین و بمێنیەوە و بەردوەوام بین، نابێت بە موو لەم هاوسەنگی و هاوکێشەیە لابدەین. لە کۆتاییدا هیواداریشم ئێوەی بەڕێز بیروڕای خۆتان لەسەر ئەم بابەتە هەستیار و گرنگە دەربڕن.

## بەتەمەنترین پیاوی جیهان

بەکر شوانی

# زارۆ ئاغای کورد، سەدە و نیوێک زیاتر ژیا و ناوبانگی بە جیهاندا بڵاو بووەوە

ڕۆژی ٢٩ حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٤ کاتێک زارۆ ئاغا مرد، گوڵ خانمی کچی کە ئەو کاتە تەمەنی ٦٥ ساڵ بوو، بەمجۆرە شینی بۆ باوکی دەکرد: "وای دایێ... وای دایێ... لە دنیا تێر نەبوویت زارۆکەی خۆم!" ئەوە شیوەن بوو بۆ پیاوێک کە دوای بەسەربردنی ١٦٠ تەمەن ماڵئاوایی لە ژیان کردبوو.




ئەوە زارۆ ئاغای کورد بوو کە بە هۆی تەمەنی درێژییەوە سەرنجی ڕۆژنامە گەورەکانی ئەو سەردەمەی ئەمریکا و ئەوروپای بۆ سەر خۆی ڕاکێشابوو و لە دەوڵەتی عوسمانی و کۆماری تورکیاشدا ناوبانگێکی گەورەی پەیداکردبوو. لە سایەی میدیاکانی تورکیا و ڕۆژئاواوە ئەمڕۆ ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی وتار و وێنەی زارۆ ئاغا لەبەردەستدایە. لە هەندێک لەو وێنانەدا کە لە ئەمریکا گیراون، زارۆ ئاغا بە ژنانی شۆخ و جوانپۆش دەور دراوە. زارۆ ئاغا لە ٣ سەدەدا ژیاوە و لەو ماوەیەدا ١٠ سوڵتانی عوسمانی، ٢٨ سەدری ئەعزەم، کۆمارێک، دوو سەرۆک کۆمار، ٥ سەرۆک وەزیران هاتوون و چوون. هەر لەو ماوەیەدا زارۆ ئاغا ٦ شەڕی بینیوە و بەپێی هەندێک سەرچاوە ١٣ جار و بە گوێرەی هەندێکی تر، ٢٩ جار ژیانی هاوسەرێتیی پێکەوە ناوە.

لە بتلیسەوە بۆ ئیستانبوڵ و لەوێوە بۆ جیهان..

زارۆ ئاغا ساڵی ١٧٧٤ زایینی لە گوندی مەرمەندی سەر بە قەزای موتکیی پارێزگای بتلیسی باکوری کوردستان لە دایک بووە. تا تەمەنی ١٨ ساڵی لە گوندەکەی خۆیان دەمێنێتەوە و پاشان ڕوو لە ئیستانبوڵ دەکات و کاری کۆڵبەری و کرێکاری دەکات. زارۆ ئاغا کاتێک بوو بە ١٥٠ساڵ، دەرگای گەشتی ڕۆژئاوای بۆ کرایەوە. چەندین کۆمپانیا و میدیای ڕۆژئاوایی بەمەبەستی سوودوەرگرتن لەو تایبەتمەندییەی زارۆ ئاغا، چەند گەشتێکیان بۆ ساز کرد. ساڵی ١٩٢٥ سەردانی ئیتاڵیا و ساڵی ١٩٣٠ لە تەمەنی ١٥٥ ساڵیدا سەردانی بەریتانیای کرد. لەوێشەوە گەیشتە ئەمریکا و ٩ مانگ بە ویلایەتەکانی ئەو وڵاتەدا سووڕایەوە. گەشتەکەی ئەمریکای زۆر بە باق و بریق بووە و بایەخی زۆری پێدراوە. بەجۆرە زارۆ ئاغا لە کەسێکی بێ ناوەوە کە سەدەیەک و چارەکێکی تەمەنی بە کرێکاری و کۆڵبەری بەسەربردبوو، ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد. لە کۆڕ و کۆبوونەوەی جۆراوجۆردا بەشداریی کردووە و قسەی بۆ ڕۆژنامەکان کردووە. کۆمپانیا و کەسانی ڕێکخەری گەشتەکەی زارۆ ئاغا بۆ ئەمریکا پارەیەکی زۆریان دەستکەوتووە. بۆ نموونە و بەپێی هەندێک سەرچاوە، وێنەگرتن لەگەڵ زارۆ ئاغادا بە ١٠ دۆلار و تەوقەکردن و ماچکردنی بە ١٥ دۆلار بووە و خەڵک ڕیزیان بۆ گرتووە. بەڵام ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی تورکیا دەنووسن زارۆ ئاغا دوای هەر گەشتێک بە گیرفانی خاڵی گەڕاوەتەوە و تەنانەت زۆریش ماندوو بووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەندروستیی تێکچووە...

زارۆ ئاغا زیاد لە ٤٠ نەخۆشی هەبووە..!

ڕۆژی ٢٨ حوزەیرانی ١٩٣٤ تەندروستیی زارۆ ئاغا زۆر تێکدەچێت، دەبرێتە نەخۆشخانەی شیشلی لە ئیستانبوڵ و سەعات دووی شەو دەمرێت. کەسوکاری زارۆ ئاغا ڕازی نابن توێکاری بۆ تەرمەکەی بکرێت، بەڵام سەرباری ئەوە پزیشکەکان دەیخەنە ژێر نەشتەرگەرییەوە.




بەپێی ڕاپۆرتی توێکاریی تەرمەکەی کە لە مۆزەخانەی تەندروستیی ئیستانبوڵ پارێزراوە، زارۆ ئاغا ٤٩ نەخۆشی هەبووە؛ لەوانە: هەوکردنی سی و گورچیلە، ڕەقبوونی دەمار، دروستبوونی بەردی زراو، هەوکردنی پرۆستات و فراوانبوونەوەی بۆریی میز و هتد... مایەی سەرسوڕمان بوو کە زارۆ ئاغا سەرباری گشت ئەو نەخۆشییانە ١٦٠ ساڵ ژیابوو! پزیشکەکانی ئەو سەردەمەی تورکیا بەمەبەستی دڵنیابوون لە تەمەنی، پارچەیەکی بچووکی ئێسکی ئەژنۆی زارۆ ئاغایان بۆ ئەمریکا نارد. ئەنجامی پشکنین بەمجۆرە بوو: "ئەم ئێسکە هی مرۆڤێکی تەمەن ١٥٠-١٦٠ ساڵە!" پێش بە خاک سپاردنی، تەرمەکەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە مۆزەخانەی تەندروستیی ئیستانبوڵ نمایش کرا و ئەم چەند دێڕەی لەگەڵ دانرابوو: "مەرجەکانی تەمەنی درێژی وەک تەمەنی زارۆ ئاغا؛ کاری تەندروست، خواردنی خاوێن، هەوای پاک و زۆر و ژیانێکی باشە"!

زارۆ ئاغا لە کتێبدا..؟


ئەگەرچی بابەتی زۆر لە ئینتەرنێتدا دەربارەی زارۆ ئاغا هەیە، بەڵام تەنیا کتێبێک دەربارەی ئەو نوسراوە، کە لەلایەن نووسەر و توێژەری کورد (ڕۆهات ئالاکۆم)ەوە بە زمانی تورکی، لە وەشانخانەی ئاوێستا لە ئیستانبوڵ چاپ کراوە. ئالاکۆم، لەو کتێبەدا لە میانەی زارۆ ئاغاوە سۆراخی کوردەکانی ئەو سەردەمانەی ئیستانبوڵیش دەکات. نووسەر ٥٠ وێنە و کاریکاتۆر و پۆستکارت و هەواڵی ڕۆژنامەی تایبەت بە زارۆ ئاغای داناوە. لە هەمان کتێبدا ئاماژە کراوە بۆ ناوی زارۆ ئاغا لە ئەنسکلۆپیدیای ئیستانبوڵدا (بەرگی ١٨، ساڵی ١٩٩٥). لەوێدا ساڵی ١٧٧٧ وەک مێژووی لە دایکبوونی زارۆ ئاغا دەستنیشان کراوە و نووسراوە: "زارۆ ئاغا (١٧٧٧ بتلیس / ١٩٣٤ ئیستانبوڵ) یەکێک بوو لە مرۆڤە هەرە بەتەمەنەکانی جیهان. لە تەمەنی لاویدا هاتووەتە ئیستانبوڵ. کاری وەک کۆڵبەری و کرێکاری کردووە. خۆی گوتوویەتی ساڵی ١٨٠٠-١٨٠٥ لە بنیاتنانی قشڵەی سەلیمیە و ساڵی ١٨٢٥-١٨٢٧ لە بنیاتنانی مزگەوتی ئۆرتاکۆیدا کاری کردووە. سەردەمانێکیش لە شاروانیی ئیستانبوڵ وەک خزمەتکار کاری کردووە. پزیشکەکانی ئەوروپا و ئەمریکا بەمەبەستی دۆزینەوەی نهێنیی تەمەنی درێژی، پشکنینیان بۆ ئەنجام داوە. زارۆ ئاغا تا کۆتایی ژیان خاوەن جەستە و ئەقڵێکی ساغڵەم بوو".

# داستانی گیلگامێش، ئەو کە قوڵایی بینی، لە سویدییەوە: شاسوار هەرشەمی



عەبدولغەنی کاکۆ

یەکێ لەو کتێبە زۆر بەهادارانەی لەو ماوەیەدا خوێندمەوە (داستانی گیلگامێش) بوو. من کاتی خۆی گیلگامێشەکەی (د.طه باقر) و کتێبە بایەخدارەکەی (د.نائل حسون) و پاشانیش وەرگێڕدراوێکی کوردی ئەو داستانەم خوێندۆتەوە. دواتریش کتێبە یەکجار نایابەکەی تۆماس میلکە (Gilgamecsh König von Uruk)م بە زمانی ئەڵمانی خوێندۆتەوە. هەڵبەتە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەبووە، بەڵام هیچیان وەکو ئەم کتێبە چێژیان پێ نەبەخشیوم. ئەم کتێبە لە سویدییەوە کراوەتە کوردی، ئەوانەی کتێبەکەیان بە سویدی بڵاکردۆتەوە پەڕاوێز و ڕاڤەکردنێکی زۆر جوانیان بۆ وردەکارییەکانی داستانەکە نووسیوە کە بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە، چونکە ڕاوەستان لەبەردەم شیکردنەوەی ئەو هەموو هێما و ئاماژە مێژوویيانەو بەراوردکردنیان لەگەڵ لێکدانەوەکانی پێشووتر وپاشان هەڵسەنگاندنیان و خستنە ڕووی دەرئەنجامی تایبەتی خۆیان کۆششێکی ئەکادیمییانەی لەڕاددەبەدەر زەحمەتی گەرەکە. وەرگێڕە کوردییەکەش سەرەڕای ئەوەی بە زمانێکی کوردی زۆر پاراوو جوان کتێبەکەی وەرگێڕاوە، بە سەرنج و تێبینییەکانی خۆی زیاتر کتێبەکەی دەوڵەمەند کردووە. بەڕاستی ئەو تێبینییە وردانەی کاک شاسوار هێندە بەنرخن کە دڵنیام ئەگەر بێت و جارێکی دیکە کتێبەکە بەم تێبینییانە لە کوردییەکەوە بکرێتەوە سوێدی دەبێتە جێگەی سەرنج و تاووتوێکردنی تازەی ئەکادیمی و سەرئەنجام وەک هاوبەشیکردنێکی دیکەی هزری کوردی لە بەرامبەر داستانێکی ناوازەی کەلتووری مرۆڤایەتی دێتە هەژمارکردن. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە جوانی ئەم وەرگێڕانەدا بەکارهێنان و دۆزینەوەی ئەو هەموو وشەو دەستەواژانانەن کە تەنیا کەسی وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕانی دەقەکاندا هەست بە سەختی و تەنانەت ئاستەمی دۆزینەوەیان دەکات، کاک شاسوار زۆر سەرکەوتووانە ئەو وشانەی لەبەریەکدا ڕاگرتوون. من پێم وایە خوێنەری کورد گەر بیەوێ شارەزایی لە داستانی گێلگامیش پەیدا بکات خوێندنەوەی ئەو کتێبەی بەسە تا لە مەزنی و بایەخی ئەم داستانە تێبگات. ئەوەش مایەی دەستخۆشییەکی گەورەیە بۆ وەرگێڕەکەی. بەڵام من دوو سەرنجم دەربارەی کتێبە وەرگێڕدراوەکە هەیە، کە هیوادارم وەرگێڕی بەڕێز یان وەشانخانەی بەڕێز لە چاپەکانی داهاتوودا لەبەرچاوی بگرن.




یەکەم: خۆزگە لەپاڵ ناوی وەرگێڕە کوردییەکەی ناوی وەرگێڕ و ڕاڤەکار و پەراوێزنووسە سویدییەکانیش بە ڕوونی لەسەر بەرگی کتێبەکە دەنووسران، پاشان لە لاپەڕەی ناوەوەدا (ساڵی بڵاوکردنەوە)ی دەقە سویدییەکە، لەپاڵ ناوی ئەسڵی کتێبەکەشدا دەنووسرا، چونکە ڕەنگە لەچاپدانەوەی هەر جارێکی کتێبێکی وەها کەم و زۆر پێشەکی و پاشەکی و تێبینی و پەڕاوێز و سەرنجی بۆ زیاد بکرێت، لەبەرچاوگرتنی ئەم شتە وردانە بۆ کتێبێک کە وەک سەرچاوەیەکی ئەکادیمی بەکاردەهێنرێت بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە.

دووەم: خۆزگە وەرگێڕی بەڕێز جگە لە هەڵەکانی چاپ ئاگاداری هەڵەکانی ڕێنووسیش دەبوو (هەرچەندە لەوانەیە ئەوانەیش هەر هەڵەی چاپ و نووسین بووبن) وەک لێک جیا کردنەوەی ئەو وشانەی بە یەک واو دەنووسرێن لەگەڵ ئەوانەی بەجووتە جووتە واو دەنووسرێن. بۆ نموونە وشەی (قووڵایی) لەسەر بەرگی کتێبەکە بە یەک واو نووسراوە. ئایا ئەم وشەیە بە یەک یان بە دوو واو دەنووسرێت؟ ئەمەو دەیان نموونەی تر کە هێندە زۆرن هەمووی لێرە نانووسرێنەوە (تێگەیشتو، چارەنوس، شورە، کەوتبو، تێگەیشتو، لوتکە، سورە چنار، تروسکایی، نمونە، وروژان، جوڵە، ستون، هتد..) هەمووی بە یەک واو نووسراون هەروەها لە دەیان شوێندا تاکە (یێ) و جووتە (یێ)ی دوایی وشەکان وای کردووە کە (ی)ی نەسەب و (ی) پەیوەندی وەک ئامرازی بەیەکەوە لکاندن لە یێکدی جیا نەکرێنەوە هەر بۆ نموونە (راوچیەکە، کێویەکان، دیاریەک، ڕاستیەکان، ریشسپیەکان، ئێزدیەکان، کەشتیەکە..دەیان نموونەی تر) هەمووی بە یەک یێ نووسراون..ڕەنگە بڵێن ئەو جۆرە هەڵانە دەیان و سەدان جار لە زۆربەی کتێبە کوردییەکانی ئەم ڕۆژانە بەرچاو دەکەون، من ئەوە دەزانم بەڵام بۆ کتێبێکی سەنگینی ئاوا جێگەی چاوپۆشین نین، هیوادارم ئەو سەرنجانەم لەلای کاک شواسوار جێگەی خۆیان بگرن چونکە هەموو لایەک دەزانن کە ئەو کەسێکی چەندە ورد و بە سەلیقەیە لە بەدواداچوون و ڕاستنووسینی وشەی کوردیدا و بۆیە من کەوەک مامۆستایەکی خەمخۆری زمانی کوردی تەماشای دەکەم حەز ناکەم ئەو هەموو هەڵەیە لە کتێبێکی بەهاداری ئەودا ڕووبدات.

# چەند ڕاستییەکی تاڵ سەبارەت بە کورد

## لە دیدی ڕۆژنامەڤانی فرە ناسراوی ئەڵمانەوە ئولریش کینسلە.. عەبدوڵڵا چوارتایی




کتێبێک لە نوسینی: ئولریش کینسلە بە ناونیشانی(کوشندەیە ڕۆژهەڵاتی نزیک – ڕێنماییەک لە – گێژاو = فەوزا – ی ڕۆژهەڵاتییدا )

Ulrich Kienzle – Tödlich Naher Osten – Eine Orientierung für das orientalische Chaos

"بە پێی ڕێسایەکی کۆن : دوو کورد بەلای کەمەوە سێ ڕای جیاوز و چوار میلیشیا یان هەیە. دەشێ کوردەکان گەورەترین گەل بن لە جیهاندا کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نەبن ، بەڵام بە پاڵەوانی جیهانیش دەژمێردرێن لە ناکۆکیی برایەتییدا !"

"دیمۆکراتیی بە کوردی واتای: پارتی دیمۆکراتی کوردستان دژی پارتی کارکەرێن کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دژی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، پارتی دیمۆکراتی کوردستان دژی پارتی یەکێتی دیمۆکراتی، ئەمە گەمە ئاساییە کوردییە ئاڵۆزەکەیە." سەبارەت بە ڕیفراندۆم و پرسی سەربەخۆییش دەبێژێ:"لە کۆتاییدا هەمووشت بە شێوەیەکی دیکە هاتە پێش، بارزانی دۆڕاندی، یاریی بە سەربەخۆیی بە کارەسات کۆتاییهات. نەیاری سیاسیی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، ڕێکەوتنێکی لەگەڵ بەغدا کرد و بەڵێنی چۆڵکردنی شاری نەوتیی کەرکوک یان دا، بارزانی و پارتەکەی لەسەر پێگەی لەدەستچوو مانەوە و، تا ڕێژەیەک بێ شەڕ سوپای عێراق پێکەوە لەگەڵ میلیشیا ئێرانییەکان کەرکوکیان گرتەوە دەست. ئەوەیە هاوکاری یەکتر بەکوردیی ئەبی دانپێدابنێم گرانە تێگەیشتن لێی، بەڵام دێینەوە سەر ڕاستییە کۆنەکە کە دەڵێ: کوردێک، دوو ڕای جیاواز و سێ میلیشیا. خەونی سەربەخۆیی کۆتاییهات، بارزانی دەستی لە هەموو پلە و پۆستەکانی کێشایەوە و، جارێکی دیکەیش دروستکردنی دەوڵەتێک بۆخۆیان سەرینەگرت.".




ئەم چەند ڕستەیەی سەرەوە قسەی (ئولریش کینسلە)ن کە لە کتێبەکیدا بە ناونیشانی سەرەوە لە میانەی ڕیپۆرتاجێکیدا سەبارەت بە کورد لە ژێر ناونیشانی "کوردەکان چاکترین دوژمن" بەرچاو دەکەون.

ئەو ڕۆژنامەڤانە، دۆستی کوردە لێ مەخابن، بێهیواییەکی زۆر لە قسەکانییدا سەبارەت بە خودی کورد و ناکۆکیی و ململانێی نێوان پارتە کوردییەکان دیارە. ئولریش کینسلە زۆر شارەزا لە دۆخی ئێستای کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ڕیپۆرتاجەکەیدا بەسەر دۆخی ئێستا و مێژووی خەباتی ڕزگارییخوازیی هەموو بەشەکانی کوردستاندا گوزەر دەکات و لە هەر بەشە ڕەخنەی خۆی هەیە و، لایەنە ئەرێنیی و نەرێنییەکان دەخاتە ڕوو و ڕەخنە لە گەندەڵی بێسنوری باشوری کوردستان و سەپاندنی دەسەڵاتی دووحیزب بە سەریدا دەگرێت بەو ڕستانەی سەرەوە پێناسەی دەکات، هاوکات کۆتایی دێنێت بە ڕیپۆرتاجەکەی بە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ژنێکی زۆر سەرکەوتووی کورد لە ئەڵمانیا کە خاتو (موحتەرەم ئاراس)ـە لەژێر سەردێری ژنێکی کورد لە ئەڵمانیا.

بڕوانە ل 5

# ئۆلریش کینسلە تەمەنی ٨٣ ساڵە و یەکێکە لە ڕۆژنامەڤانە بە ناوبانگەکانی ئەڵمان و بە یەکێک لە هەرە شارەزا و پسۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێت لەو بوارەدا

ئەو بەڕێزە ژنێکی خەڵکی باکوری کوردستانە و لە ساڵی ١٩٦٠ لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ بنەماڵەکەی هاتووەتە ئەڵمانیا و خویندنی زانستیی ئابوریی تەواوکردووە و لەساڵی ٢٠١١ وە دووجار ڕاستەوخۆ بۆ پارلەمانی هەرێمی (بادن ڤیورتمبێرگ)ی ئەڵمانیا هەڵبژێردراوە، ئەندامی پارتی (سەوزەکان)ـە، لەساڵی ٢٠١٦ وە سەرۆکی پارلەمانی ئەو هەرێمەیە. خاتو موحتەرم ئاراس کوردە و لە کەمینە ئاینی (عەلەوی = هالەوی)ـە لەمیانەی ئەو چاپێکەوتنەدا باسی بەسەرهاتی ژیانی خۆی وەک منداڵێکی کورد لە تورکیا و باکوری کوردستان ئەکات کە ئەوان چۆن لە لایەن ڕژێمی ترکەوە دووجار ئەچەوسێنەوە وەکو کورد و وەک عەلەوی و باسی کێشەی دابەشبوونی کورد دەکات بەسەر چەند وڵاتدا کە ڕێگرە لە پێشکەوتنی بزاڤە ڕزگارییخوازییەکەی، هەروەها باسی ئەوکەشە دیمۆکراتییە دەکات لە ئەڵمانیا کە توانیوییەتی تێیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

ئۆلریش کینسلە هەروەها لە ڕیپۆرتاجەکەیدا سەبارەت بە داعش لەژێر سەردێڕی "دەوڵەتی ئیسلامیی. بکوژەکانی خەلافەت "چاوپێکەوتنی لەگەڵ خانمێکی ئێزدی ئەنجامداوە کە قوربانییەکی ئازادکراوە و گوزرەێک بەسەر بەسەرهاتە تاڵەکانی ژیانی خۆیدا دەکات لەگەڵ نامرۆڤەکانی داعش لە کاتی سەبیکردنییدا. شایانی باسە هەرێمی (بادن ڤیورتمبێرگ) ژمارەی دانیشتوانی پتر لە ١١ ملیۆن کەسە و پایتەختەکەی شاری شتوتگارتە.

ئۆلریش کینسلە لە کتێبەکەیدا کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ دا چاپکراوە و دیسان بۆ جاری دووەم چاپکراوەتەوە؛ لە ١٢ ڕیپۆرتاجدا زۆر ڕەخنەگرانە لەژێر ئەم سەردێڕانەی خوارەوە باس لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکات و هەر ڕیپۆرتاجێکیشی بە چاوپێکەوتن لە گەڵ کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشی ئەو وڵاتە، کە لە ئەڵمانیا دەژیی کۆتایی پێهێناوە.

1. میسر، ئەو شۆڕشەی کە شۆڕش نەبوو.
2. عێراق، دەروازەکەی جەهەننەم.
3. سوریا، دەوڵەتێک کە خۆی دەکوژێت،
4. دەوڵەتی ئیسلامیی، بکوژەکانی خەلافەت.
5. عەرەبستانی سعودی، وەهابیزم کاڵای سەرەکی هەناردەکردنە دەرەوە.
6. قەتەر، خۆ بەزلزان لە کەنداو.
7. تورکیا، سوڵتان تەیب ی تۆقێنەر.
8. کوردەکان، دوژمنانی هێندەک باش.
9. لیبیا، کونێک بەرەو ئەوروپا.
10. تونس، مرۆڤ ناتوانی دیمۆکراتیی بخوات.
11. مەغریب، پاشایەکی ئارام.
12. خۆکاولکردنی جیهانی عەرەب.

ئۆلریش کینسلە تەمەنی ٨٣ ساڵە و یەکێکە لە ڕۆژنامەڤانە بە ناوبانگەکانی ئەڵمان و بە یەکێک لە هەرە شارەزا و پسۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێت لەو بوارەدا، کە چەند ساڵێک لە بەیروتەوە و دواتر لە قاهیرەوە پەیامنێریی جیهانی عەرەب بووە و، بۆ کەناڵە تەلەڤیزیۆنە گرنگەکانی وەک کەناڵی یەکی (ARD) کەناڵی دوو (ZDF) کاری کردووە و، چاوپێکەوتنی لەگەڵ زۆر لە سەران و کەسایەتییە عەرەبەکان ئەنجام داوە وەک سەددام و قەزافی و، بە یەکێک لە یەکەمین ڕۆژنامەوانەکان دەناسرێ کە هەواڵی کۆمەڵکوژیی دژی فەلەستینییەکان لە ئۆردوگای سەبرا و شاتیلا ی لوبنان لە ساڵی ١٩٨٢ دا بڵاو کردەوە. ئۆلریش کینسلە لە ڕووی سیاسییەوە بە "چەپ" دەناسرێت، تا ڕێژەیەکی باشیش ئەکرێت وەک دۆستی کورد ببینرێت هەر چەند لە ڕیپۆرتاجەکەیدا سەبارەت بەکورد زۆر شتی تێدایە کە ڕووکەشە یان ڕاست نییە لە گەڵ ئەوەشدا زۆربەی ڕەخنەکانی ڕاستن و مرۆڤ ناتوانێت ئینکارییان لێبکات. لە ڕۆژی ١٣/ ١/ ٢٠١٩ لە کۆڕێک کە لە شاری براونشڤایگ بۆی ڕێکخرابوو، ئەز ئامادەبووم لەوێ، زۆر بە توندیی پشتگیریی لە هەژموونی کوردانی ڕۆژئاوا ی کوردستان کردوو و گوتی: پێویستە بپارێزرێن، ئەوەی ئەوان دەیکەن تاقیکارییەکی پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و ئاینیی ئاشتیانەی سەرکەوتووە کە لە گەڵ دیدی دیکتاتۆریانەی ئەردۆغان و دیکتاتۆرەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا ناگونجێ بۆیە پێویستە پشتگیرییان لێبکرێت.

تێبینیی: هێشتا کتێبەکەم بە تەواوی نەخوێندۆتەوە، بەڵام سەرنجەکانی سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ناکۆکیی و ململانێ ی نێومالی کورد زۆر کاری تێکردم.

# نەوتی کەرکوک: چەند ساڵێک بەختەوەری و دەیان ساڵ دەردەسەری

## - بەشی دووەم - دکتۆر جەبار قادر

لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، خەڵک و پسپۆڕانی بواری وزەش بە گەشبینییەوە دیانڕوانیە دۆزینەوە و هەناردەکردنی نەوت لە وڵاتانی هەژار و کەم دەرامەتدا، پێیان وابوو داهاتی نەوت دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئەو وڵاتانە. داهاتی نەوت و هێزی کاری هەرزان لەو وڵاتانە دەبوایە ببنە کەرەسە و فاکتەری گرنگی بنیاتنانی ژێرخانێکی تۆکمە. دەبوایە دروستکردنی ڕێگەوبان، قوتابخانە، نەخۆشخانە و پیشەسازی کارە لە پێشینەکانی ئەو دەوڵەتانە ببوونایە. لە چوارچێوەی ئەم لێکدانەوەدا لە عیراقیش ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە دامەزرا و پلانێکی باشی دانا بۆ کۆمەڵێ پرۆژەی گرنگ و هیوابەخش. ئەم پرۆژە و گەشەکردنە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ڕێککەوتنی عیراق و کۆمپانیاکانی نەوت بوون لە ساڵی ١٩٥١ سەبارەت بە دابەشکردنی یەکسانی قازانجەکانی نەوت لە نێوان هەردوولا. لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنەدا داهاتی عیراق لە سێ ملیۆن دینارەوە لە ساڵی ١٩٤٩ بۆ پەنجا ملیۆن دینار لە ساڵی ١٩٥٣ بەرزبووەوە. لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا کۆمەڵێ پرۆژەی گرنگ لە سەرانسەری عیراق کرانەوە . لە کەرکوکیش هەموو ئاماژەکان لە سەر زەوی ئەو هیوایەیان بەخەڵک دەبەخشی، هەرچەندە لێرە زۆرترین شتەکان کۆمپانیای نەوت دروستی دەکردن نەک دەوڵەتی عیراق. تەنها بۆ نموونە لە ڕێگەی کۆمپانیای نەوتەوە کەرکوک بۆ یەکەمین جار کارەبا، ئاوی خواردنەوەی پاک، نەخۆشخانەی کەیوان، یاریگا، سینەماو...تاد بە خۆوە بینی. هەر لە ڕێگەی پرۆژەکانی کۆمپانیای نەوتیشەوە سەدان کرێکار ڕاهێنانی پیشەییان لە بوارە جیاوازەکاندا بینی. دەرچوانی ئەم خولانە ئەزموونەکانیان بۆ هاوپیشەکانیان لە بازاڕ گواستەوە لە ڕێگەی کردنەوەی دوکانی تایبەت بە خۆیان لە تەک کارکردنیان لە کۆمپانیای نەوتدا. لە گەڵێ بواری پیشەییدا وەستاکانی کەرکوک لە سەرانسەری عیراق ناوبانگیان دەرکرد. هەر بە هۆی پرۆژە و پلانەکانی کۆمپانیای نەوتەوە بۆ دروستکردنی سەدان خانوو بۆ کارمەندەکانی سەرباری تەلارەکانی ناو کۆمپانیا، کەرتی بیناسازی و کەرەستەکانی لە کەرکوک پێشکەوتنی زۆریان بەخۆوە بینی، باشترین وەستا و کرێکار لەم کەرتە پەیدا بوون. پێویستیی ڕۆژانەی ئەو هەموو کارمەندە بە خۆراک و جل و بەرگ و پێداویستی دیکە، جم وجووڵێکی زۆری خستە بازاڕەوە. هاوتەریب لە گەڵ ئەم بوارانەدا کەرتی کشتوکاڵ و خزمەتگوزاریش گەشەی بەرچاویان باشیان بە خۆیانەوە بینی. بە کورتی کەرکوک لە پەنجاکاندا هێدی هێدی سیما و خەسڵەتەکانی شارێکی هاوچەرخی دەپۆشی. باشم لە بیرە ئەو دەمە وتەی شار لە لای ئێمە یەک واتای هەبوو، ئەویش کەرکوک بوو. لایەنێکی دیاری ئەم گەشەکردنە ئابوورییەی کەرکوک گۆڕانی دیمۆگرافیا و پێکهاتەی دانیشتوانی شارەکە بوو. لە ساڵی ١٩٢٧ەوە و بە تایبەتی لە کاتی هەناردەکردنی نەوتەوە لە ١٩٣٤ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی هەموو لیواکانی عیراق بۆ پەیداکردنی کار و دابینکردنی بژێوی ژیان ڕوویان دەکردە کەرکوک. سەرژمێرییەکانی ١٩٤٧ و ١٩٥٧ ڕەهەندەکانی ئەم دیاردەیە بە ڕوونی دەخەنە ڕوو. گەشەکردنی دانیشتوانی کەرکوک بە ڕێژەی ٣٦٪ بوو، واتا جار و نیوێک زیاتر لە هەموو لیواکانی تری عیراق. ئەم گەشەکردنە ناسروشتییە لە سەر حیسابی دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە بوو. بۆ نموونە بە پێی سەرژمێری ١٩٤٧ لە کۆی ٦٧٧٥٦ دانیشتووی شاری کەرکوک ١٨٣١٥ کەسیان لە دەرەوەی لیوای کەرکوک لە دایک ببوون، واتا زیاتر لە چواریەکی دانیشتوانی شار لە دەرەوەی لیوای کەرکوکەوە هاتبوون. ئەم ژمارەیە لە ساڵانی دواتردا هەر لە هەڵکشاندا بوو. لە سەر ئەم سەرژمێرییانە و ژمارە، ڕێژە و پێکهاتەی ئەتنیکی دانیشتوانی کەرکوک پێشتر چەندین وتار و لێکۆڵینەوەم بڵاوکردۆتەوە، بۆیە بە پێویستی نازانم لێرەدا جارێکی دیکە زۆریان لە بارەوە بڵێم. لە تەک هەموو ئەمانەدا ژمارەیەکی بەرچاوی بیانیش لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک کاریان دەکرد. هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی لیواکانی دیکەی عیراق و بیانی سیمایەکی فرە کولتوری بە کەرکوک دەبەخشی و کاریگەریان لە سەر ژیانی دانیشتوان دادەنا و دیاردەی نوێیان لە گەڵ خۆیاندا دەهێنا . ئەو کاتە کەم کەس بیریان لەوە دەکردەوە کە ئەم هاتنە بەلێشاوەی عەرەب لە لیواکانی دیکەی عیراقەوە بۆ کەرکوک لە داهاتوودا ببێتە مایەی سەرئێشە و دەردەسەری بۆ کوردی شارەکە. دواتر لە گەڵ گەیشتنی بەعسدا بە دەسەڵات لە ٨ شوباتی ١٩٦٣ و ١٩٦٨ بەشێکی زۆر لە مانە بوونە کەرەستە و ئامێری جێ بەجێکردنی سیاسەتی چەوسانەوەی نەتەوەیی و پاکتاوکردنی کورد لە کەرکوکی شار و پارێزگا . دەبوایە خۆماڵیکردنی نەوت ئەو کێشانە چارەسەر بکات کە کۆمپانیا بیانییەکان دروستیان کردبوو، بەڵام ئەزموونەکان دەریانخست کە پڕۆسەیە بە پێچەوانەوە بوو. پرسیارە سەرەکییە لێرەدا ئەوەیە: ئایە گروپێکی بچوک دەست بە سەر داهاتی نەوتدا دەگرن و بۆ قازانجی خۆیان و دەور و بەرەکەیان بەکاری دەهێنن یا دەیخەنە خزمەتی گەل و نیشتمانەوە؟.



ئایە بە زانایی و حیکمەتەوە خەرجی دەکەن یا بە گەمژەیی و ملهوڕی لە ئاژاوە نانەوە و شەڕ هەڵگیرساناندا بە فیڕۆی دەدەن؟. ئەگەر زۆر نەگەڕێینە دواوە هیچ نەبێ لە ساڵی ١٩٦٣ تاو ئەمڕۆش لە عیراق، بە کوردستانەکەی خۆمانیشەوە، داهاتەکانی نەوت بە دیوە هەرە خراپەکەدا بەکار هێنراون و بەکار دەهێنرێن . بە گشتی وڵاتی دواکەوتووی خاوەن نەوت حکومەتی زەبەلاح دروست دەکات و بەشێکی زۆری داهاتی وڵاتی تێدا خەرج دەکات. بەشێکی دیکەشی بۆ بێدەنگ کردنی نەیاران و بەرهەڵستکاران و کڕینی خەڵک بەکار دێنێت، ئەمە ئەگەر بۆ میلیتاریزەکردن و شەڕ و شوڕ بەکاری نەهێنێت. ئەو حکومەتانەی پشت بە باجی دانیشتوان دەبەستن، نەک داهاتی نەوت، ناچارن گوێ لە خەڵک بگرن و هیچ نەبێ هەندێ دیموکرات بن و خۆیان بە خزمەتکار نەک باوکی خەڵک بناسێنن. لە بەرامبەردا ئەو حکومەتانەی لە سەر داهاتی نەوت دەژێن، بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا بڵێی ملهوڕ وستەمکارن و ئامادە نین گوێ بۆ داخوازییەکانی خەڵک شل بکەن. یەکێ لە سیما و خەسڵەتە سەرەکییەکانی دیکەی دەوڵەتانی خاوەن نەوت لە ڕۆژهەڵاتدا گەندەڵی و خراپ بە کارهێنانی داهاتی نەوتە، نەک تەنها لە نێوخۆی وڵات، بەڵکو لە گرێدانی کۆنتراکت و ڕێککەوتنی گوماناوی لە گەڵ کۆمپانیا بیانییەکانیشدا . دەبێ لێرەدا ئاماژە بەو خاڵەش بکەم کە لە سەردەمی داگیرکاری بریتانی و پاشایەتیشدا کەمترین ناز و نیعمەتی نەوت بەر کوردی کەرکوک کەوتووە. داگیرکاری بریتانی سیاسەتێکی جوداکارانەی لە دژی کورد بە گشتی و کوردی کەرکوک بە تایبەتی پەیڕەو دەکرد. ئەو دەمە گەلی کورد وەک گەلانی دیکەی ناوچەکە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی دەکرد، ئەمەش تەواو ناکۆک بوو لە گەڵ پلان و ستراتیژی و بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی بریتانیدا. هەر کاربەدەستانی کۆلۆنیالی بریتانی بوون هێڵە گشتییەکانی ئەو سیاسەتەیان داڕشت کە تا ئەمڕۆ حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق لە دژی گەلی کورد بە گشتی و کوردی کەرکوک بە تایبەتی پەیڕەوی دەکەن. ڕەنگبێ دەرکەوتنی بەپەلەی "بریتیش پیترۆلیۆم" لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک تەنها چەند ڕۆژێک لە دوای ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بەرجەستەکردنی تەواوی ئەو ستراتیژییە کۆنە – نوێیەی بریتانیا بێت.

# بەشیر موشیر ئەو کەسەی بوو، بە هێما......موزەفەر عەزیز- ئەڵمانیا



ڕۆژنامەوانێکی ئوتریشی بەناوی –کارل دانینگەر– لە "دێر شتاندەرد"ی ژمارە ٧٤٣ ی ڕۆژی ٢ی٥ی١٩٩١و هاوکات لە سەروبەندی کۆڕەوەکەی کوردان، لە ستوونێک بەناوی "سەری ئەمڕۆ"و لەدەستەچەپی لاپەڕەی سەرەکیی ڕۆژنامەکەدا بابەتێکی جوانی لەسەر "بەشیر موشیر" بڵاوکردۆتەوە. شیاوی ئاماژە بۆکردنە، من بەڤیدیۆ پرۆگرامێکم لەبارەی بەشیر مشیر لەژێر ناوی:– بەشیر موشیر –بلیمەت(دۆکیۆمێنتری)دی و لەوێ بەکورتی ئاماژە بەو سەرچاوەیە کراوە و سەرنجی ڕاکێشام، هەرچەند هەوڵمدا ڕۆژنامەکەم بەداخەوە دەستنەکەوت، ناچار هەر لەسەر ڤیدیۆکە، وێنەم گرت و ئەوەی بۆم خوێندرایەوە وەرمگێڕایە سەرزمانی کوردی و بە پێویستیشم زانی، وەک یادێک بۆ ئەو مرۆڤە بەرزە، کە لەلایەن چەندین کەسایەتی ناسراوی گەلەکەمان بە"ئوستاد "ناوی دەهێنن و ئەوێ ڕۆژێ زۆربەیان ڕوویانکردۆتە دوکانەکەی لەبەغداو لەوێ کۆبوونەتەوە، ئەم باسە بخەمەڕوو. دیارە سەرەتا خاوەنی مقەسی زێڕین و دوکانی بەرگدرووی هەبووە، (پیرەمێردی شاعیر لەوبارەوە نوسیویەتی: بەشیر بیبڕێ و شاگرد بیدورێ و تۆش لەبەریکەی!) هەرچەندە دەگوترێ جلدورینەکەشی هەروەک نوسینەکانی بوون! بەڵام دواتر گۆڕیویەتی بۆ دوکانی کتێب و ڕۆژنامەفرۆشتن"شادڕەوان مام جەلال لەدیداری تەمەن باسی بەشیرموشیر و چەند بەسەرهاتێکی خۆش دەکات".

وەک باسدەکرێت لەئاوروپا لەلایەن شادڕەوانانی وەک:–کەمال فوئاد و جەمال نەبەز، هەوڵێک هەبووە، تا بۆ کۆنگرەیەک بانگهێشت بکرێت و ئیتر بەشێوازێکی جیاواز و وەک خۆی گوتەنی "گەورەی کورد" پێشوازیی و بەخێرهاتنێکی گەرمی لێبکەن، بەڵام بەداخەوە ئەمە نەکراوە و پاشان لە ساڵی ١٩٦٣دا، ڕژێمی بەعس وەک چەندینیتر ئەویش بەگومانی ئەوەی کاغەزی زۆری لەدەرەوە بۆ دێت دەیگرن و دەیخەنە زیندان، ڕۆژێک لەبەر ئەوەی زۆر گەرم دەبێ و ئوستادیش داوای ئاو دەکات، ئەوانیش وەک هەمیشە بێ بەزەییانە ئاوی بەلۆعەی پێدەدەن و کاتێ دەڵێ: ئەم ئاوە گەرمە و ناخورێتەوە، ئیتر نامەردانە لەقەیەکی لێدەدەن، لەوکاتەدا کە تەمەنی لەسەروو حەفتا ساڵ دەبێت، ئیدی دەگوترێ پاشتر نەخۆش دەکەوێ و ئەوسا ئازادی دەکەن، کەچی ئەفسوس هێندەی نابات لە ٣٠ی تەمموزی ١٩٦٣ ماڵئاوایی یەکجارەکی لە بەشیریست و ژیان دەکات، بەداخەوە دەگوترێ سەندوقێکی داخراوی هەبووە و گوتوویەتی: تەنها جەمال نەبەز بۆی هەیە دوای خۆم بیکاتەوە. بەڵام ئەویش جێیهێشتین و نهێنی سەندوقەکەشمان هەر نەزانی چییە؟! لێرەدا دەقە ئەڵمانییەکە ئەوەندەی بۆم خوێندراوەتەوە دەخەمە بەردیدی بەڕێزتان، هیوادارم بەمە خزمەتێکی بچوکی ئوستادم کردبێت.









سەری ئەمڕۆ

بەرگدروویەک لەبەغداوە هێز بەکوردەکان دەبەخشێ..

کارل دانینگەر

هەندێ گەل کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە ژێر گوشارو ستەمی دەسەڵاتی بیانیدا دەژین، دەبنە کۆچبەرو لەژێر ناسنامەو کەسایەتیتر کە یارمەتیدەریان بێت، بەبێ ئەوەی پەنا ببەنە بەر توندوتیژی بۆمانەوەی خۆیان تێدەکۆشن، چیکییەکان( سەربازی جوامێر– کەناونیشانی ڕۆمانێکی کۆمێدیی چیکییە و جاروسلاف هاسیک نوسیویەتی و باس لە ڕیسکەکانی سەربازێکی باش و چاک لەکاتی شەڕی جیهانیدا دەکات و وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی جیهانی و بە چیکی ناوی" شڤیتجکە") بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە، کوردیش بەشیر موشیر. بەشیر موشیر لەناوەڕاستی حەفتاکان"ڕاستییەکەی ١٩٦٣/٧/٣٠کۆچیی دواییکردوە "لەتەمەنێکی گەورەدا کۆچیی دواییکردوە، کۆتاییەکەی کورد بوو، بەڵام ئێمە لەسەرەتاوە دەستپێدەکەین. بەشیر بەرگدروو بوو، دوکانەکەی لەوێ بوو، لەوجێیەی بەغدا کە زۆرترین جوڵەوبازاڕی لێیە، فیس–ئا–فیس– "فسیڤس"مزگەوتی هەیدەر–خانە. هەروەک پێویست و باوە لەڕۆژهەڵات، پیاوان یەکتر لەقاوەخانە یا لای سەرتاش، یا بەرگدروو، یا لای بەشیر دەبینێ. پلەدارە کوردەکانی لەشکری ئێراقیش هاتوچۆی لای ئەویان دەکرد. سیاسەتمەدارە کوردەکان، لەبەرگدرووی بەشیر چاویان بەیەکدی دەکەوت، واش ناسرابوو، کە نیوە بەشۆخی ونیوە بەڕاستی بۆ ئەوە دەچوونە ئەوێ تا پرس و ڕا بە بەشیر بکەن.

سڵاو و پەیامی بەشیر لەنێو هاوەڵەکانی، سەرەڕای ئەوەی لە یەکتریش دوور کەوتوونەتەوە و بەنێو ئاوروپادا بڵاوبوونەتەوە، بەڵام کوردەکان بەردەوام لە نێوخۆیاندا بەسەرهاتەکانی بەشیر باسدەکەن و دەگێڕنەوە و بە "کارەکانی"بەشیر ناوی دەبەن.

هێزی ئەو فانتازییەکەی بوو.

پرسیاریان لێکردووە، ئاخۆ ژمارەی کورد چەند بێت؟

ئەویش پێداگری کردووە:٧٠ملیۆن کەسە.

کاتێ پرسیویانە،چۆن ٧٠ ملیۆن؟ ئێمە هەر زانیومانە بەلای زۆری ٢٥ملیۆن دەبن. "بەڵێ" بەسەرسوڕمانێکەوە بەشیر وەڵامی داوەتەوە "لەچین، لە مەنگۆلیا، لە بلوجستان، لەئەفگانستان چەندین ملیۆنیتر مرۆڤ دەژین، کە زمانی وڵاتەکەی خۆیان نازانن. دوای چەندین لێکۆڵینەوە تویژەرەوان بۆیان ساغبۆتەوە،کە ئەوانە هەموو کوردن".

یاخود لەگێڕانەوەیەکی تریدا گوتویەتی:لە تاران بە پاپۆڕ چوومەتە ئیستەنبوڵ و کاتێ گوتراوە ئاخر ڕێی تێناچێ و لە نێوان تاران و ئیستەنبوڵ دەریا نییە، ئەو یەکسەر وەڵامی داوەتەوە، ئەوکات ڕێی تێدەچوو، ئەو باسی ئێستا ناکات! بەهۆی"سەرکەوتنەکان" لەڕووی سیاسییەوە لەدەرەوەی وڵات لەپراگ داواکراوە، بەڵام پاش هەوڵدان بۆ گەشتی دەرەوە، ئەو گیراوە،کەمێک دواتر، وەک دەگێڕنەوە بەلەشساغی نا، تا کۆچی دوایی کردووە،بەڵام ناوبانگی بەردەوام دەژیی. سەرباری فشارەکان، هەموو چیرۆک و بەسەرهاتەکانی بەشیر دەگێڕنەوە و بەهۆیەوە هەست بە بەهێزیی دەکەن. لەکۆتاییدا هەزاران درووود بۆ گیانی بێگەردی ئوستاد و سەرجەم هاوڕێیانی.

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



### سامان قادر

لە 1958 لە سلێمانی لەدایکبووە و تا ئێستا نۆ پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە و لە چواردە پێشانگای هاوبەشدا، لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بەشداریی کردووە.

شوان عوسمانی هاوڕێی لەبارەی سامانەوە دەڵێ:

ماڵەکەی هونەرمەند (سامان قادر)ی دەستڕەنگین، هەر ماڵێک نیە جێگەی دانیشتن و پشودانێکی جەستەیی بۆ خۆی بێت، کونجی هەناسەدان و بەڵکو ماڵێکی ڕۆحی ئەوە و گەلەریەکی هونەری تایبەتە لەبری تۆ بیر دەکاتەوە و بڕیار دەدات، تەنانەت کاتی مانەوەشت بەدەست خۆت نیە، چەند لەوێ بمێنیەوە، چونکە ئەوان بڕیار دەدەن نەک تۆ، دەرگاو پەنجەرە و دیوارەکانی ئەو ماڵە دەرگاو پەنجەرە و دیواری پیشانگایەکن دوا وێنەی ڕۆح و جەستەی ئەو و ئێمە پیشاندان دەدەن، بە تابلۆی پڕواپڕ لە خاڵوهێڵی ڕەنگاوڕەنگ بە ڕەنگ، ڕەنگی کاڵ و تێر، ئەو بە هۆی ئەو تابلۆ تێر ڕەنگانە تێرمان دەکات لە ڕەنگ، کاتێک ئێمە بە ناویستی خۆمان کاڵ دەبینەوە بەبێ ئەوەی بزانین ڕوو لە کام لە کاڵبوونەوەش داین، ئەگەر بتەوێ ڕێ لە کاڵبوونەوەکانی خۆت بگریت، ئەگەر حەز بکەیت دەست بە ڕەنگەکانی خۆتەوە بگریت، پێویستە جارێک ماڵێکی وا ببینیت، کە پڕە لە ڕەنگی وەکو یەک وخاڵی دژبەیەک...

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
https://www.facebook.com/samankader









# تـــاراوگـــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA
E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807